پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێک یان دووڕۆژ بە ڕۆژوو مەبن، مەگەر کەسێک نەبێت کە ڕۆژوویەکی دیاریکراوی گرتبێت وئە ڕۆژووە بکەوێتە پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێک یان دووڕۆژ؛ ئەوا با بە ڕۆژوو بێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێک یان دووڕۆژ بە ڕۆژوو مەبن، مەگەر کەسێک نەبێت کە ڕۆژوویەکی دیاریکراوی گرتبێت وئە ڕۆژوو بکەوێتە پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێک یان دووڕۆژ؛ ئەوا با بە ڕۆژوو بێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە کە خەڵکی ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ بەڕۆژوو بن لەپێش هاتنی مانگی ڕەمەزان؛ بە نییەتی دەست پێش خەری بۆ ڕۆژووی ڕەمەزان، چونکە واجبێتی ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان وابەستەیە بە بینینی مانگی ڕەمەزان، وهیچ پێویست بە زۆر لەخۆکردن ناکات، مەگەر کەسێك لەسەر جۆرە ڕۆژووگرتنێك ڕاهاتبێت وەکو ڕۆژووگرتنی ڕۆژ نە ڕۆژێك، یان ڕۆژووگرتنی دووشەممە وپێنج شەممە؛ ئەگەر وا ڕێکەوت ئەم جۆرە ڕۆژووانە کەوتنە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێش مانگی ڕەمەزان ئەوا ئاساییە بەڕۆژوو بێت، هەروەها ڕۆژووگرتنە واجبەکانیش دەگرێتەوە وەکو قەزا کردنەوە ونەزر، ئەمانە بەشێك نین لە ڕۆژووی دەست پێش خەری وپێشوازی کردن لە هاتنی مانگی ڕەمەزان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4508